
**دەنگەکان :**

**دوای تێپەربوونی 19 ساڵ بەسەر کارەساتی ئەنفالدا، ئایا ئەدەب توانیویەتی لەناو خەیاڵ و فەنتازیا و زماندا ئەنفالێک دابمەزرێنێ جیاواز بێت لەو ئەنفالەی هەتا ئێستا زمانی سیاسیی و ئایدیۆلۆژیا پێیان ناساندوین؟ تایبەتمەندی ئەو زمانە ئەدەبییە چۆنە کە ئەدەبی کوردی بۆ بەرجەستەکردنەوەی ئەنفال بەرهەمی هێناوە؟ ئاخۆ ئەدەب دەتوانێ زمانێک بێ بۆ بە جیهانیکردنی کارەساتی ئەنفال؟**



**بیٚستون ژاڵەیی:**

پیٚشەکی پیٚویستەحەقیقەتیٚك بلیٚم ئەویش ئەوەیە کەمن ئەرك وئیشی ترم هەبووبەلاٚم جوانی پرسیارەکانی ئیٚوە ناچار بەوەلاٚمدانەوەی کردم,پرسیار دەربارەی ڕۆڵی ئەدەب لەئەنفالدا دەمانباتەوە بۆپرسین دەربارەی ماهیەتی ئەم ئەدەبە,ئایا ئەم ئەدەبە(ئەگەر مەبەست لیٚی ئەدەبی کوردیە)تاکوێ بەرەو بوونە ئەدەبیٚکی جیهانی هەنگاوی هەڵگرتووە تائەنفال بەجیهانی بکات؟!بیٚگومان بەسەردەرهیٚنان لەژیٚرخۆڵی ئەو وەهمەی کەئەدەبی کوردی دەوڵەمەندەو بەدریٚژایی میٚژووی هەزاران ناوی گەورەو شاکاری مەزنی تیٚدایەدەگەینە ئەوەی ئەدەبی ئیٚمە شویٚنیٚکی فەقیرانەی لەسەرنەخشەی ئەدەبی ناسراوی گەلانی دنیا هەیە(ئەمە ئەگەرئەوشویٚن وپیٚگەیەی ئەسڵەن هەبیٚت) ئەم ئەدەبە ئیٚستا لەواقعی کوردیدا کاریگەری گەورەی نیەوناوە دیارەکانی چەند دانەیەکن تائەوەی زمانیٚك بیٚت بۆبەجیهانیکردنی کارەساتی ئەنفال!جیالەچەند هەوڵیٚکی چەندناویٚکی جدی ئەدەب وڕووناکبیری زۆرینەی مامەڵەی ئەدەبیانەی 19 ساڵی ڕابردووی ئەدیب ونوسەرەکانی ئیٚمە لەگەڵ ئەنفالدابەوتارو ئینشاو سەربوردەوشیعریٚکی میللی دەچن بۆخویٚندنەوە لەمەراسیمیٚکی ماتەمینی پاشماوەی قوربانیانی کارەساتەکەدا نوسرابن ,سادەگۆی وگیٚرانەوەوهەڵچوون وویٚناکردنی ئایدۆلۆژی وهەڵچوون وجویٚندان بەئەرزوئاسمان لەسیمادیارەکانی ئەدەبیاتی ئەنفالن کەلەکوردستانیشدابەناوئەدەبیاتە بەهەناسەیەکی تەنگ وکورتی ئایدۆلۆژی ئەم کارەساتە نەتەوەییەی کەرت وپەرتکردووە,جائەگەر لەسادەترین تەوزیفکردنی ئەدەبیانەی هۆلۆکۆستدا هەموو منالیٚکی جولەکەکارەساتەکەی بەبەشیعرکراوی لەبەربیٚت ئەوا چوارمناڵی کورد نیەیەك دەقی شعریان لەسەرئەنفال پیٚ لەبەرکرابیٚ .

**دەنگەکان :**

**ئایا ڕەنگ و هێڵ توانیوویانە مامەڵەیەکی جیاواز لە وشە لەگەڵ ئەنفالدا بکەن؟ ئاخۆ هونەری شێوەکاریی توانیوویەتی تایبەتمەندییەکی جوانناسی سەبارەت بە ئەنفال دابهێنێ؟**

**بیٚستون ژاڵەیی:**

ئەگەر رەنگ وهیٚڵیش ئەو مامەڵە جیاوازەیان لەوشە لەگەڵ ئەنفالدا کردبیٚ من نەمدیوەو گومانیش دەکەم هونەری شیٚوەکاری توانیبیٚتی تابتەمەندیەکی جوانناسانەی دەربارەی ئەنفال داهیٚنابیٚ ,ئاخر چونکە کارەساتەکە بەدەگمەن خویٚندنەوەوتەوزیفکردنی قوڵی لەفیکرو ئەدەب وهونەری کوردیدا هەیە,ئەستەمە شیٚوەکارانی کوردیش لەم مەیدانەدا موعجیزەیان خوڵقاندبیٚ,من زەوق وشەوقیٚکم بۆهونەر هەیەوبۆدیدەنی زۆر پیشانگاش چووم بیرم نیە تابلۆیەکی ئەنفالاوی بەقوڵی لەبەردەم خۆیدا ڕایگرتبم وویٚنەیەکی غەیری ویٚنە تەقلیدیەکەی ناو زەینمی بۆئەنفال نیشاندابم,ئەگەر قەدەری منیشە بەرجەبری جوگرافیاکەوتووم ولەگەرمیانی سەرزەمینی ئەنفالدام ,ئەوە دەبوو گەورە شیٚوەکارانی کوردبۆجاریٚکیش لیٚرە کەڤاڵەکانی ئەنفالیان عەرز کردایە,کەنەشیانکردووە من نەمبیستووەلەکونجیٚکی ئەم دنیایەدا تابلۆی شیٚوەکاریٚکی کورد شۆك وسەرسامی دروست بکاوببیٚتە بابەتی تویٚژینەوەوبەدواداچوون.

وەلاٚم پرسیارچوارەم/ژنان وکچانی پاشماوەی ئەنفال لەجەهەنمیٚکدان ئەشکەنجەو قەسوەت وچاوەروانیە برژیٚنەرەکانی پیٚشبینی ناکریٚ ,ژنانی پاشماوەی ئەنفال جەستەیەکی وشك هەلاٚتووی سووتاون کەنەك هەربەپلان وئیشکردنیٚکی ژیان

دۆستانەوە لەگەڵ ژیاندا ئاشت نەکراونەتەوە بەڵکو هەموو لەحزەیەکیان پشتگوێ خستن وتۆراندن ونائومێد کردنێکی تره لەلایەن دەسەلآتی کوردیەوە,صمودوشۆرش وەك دوو ئۆردوگای ئەو کۆستکەوتووانە وێرانترین شوێنەکانی کوردستانن کەپڕن لەحەسرەت وبێزاری و وێرانەن,ئەبێ ژنانی پاشماوەی ئەنفال ئێستا لەچ حالێکدا بن کەپێداویستی وخزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی ژیان 18 ساڵ پێشترو لەسەردەمی تاریکی بەعسدالەرزگاری وشۆرش لەئێستا باشتربوون؟!ژنان وکچانی دوای ئەنفال ژیانیان لەبیرچۆتەوەولەڕووی کۆمەڵایەتیەوە لەچاوەڕوانیدا پیربوون وپەلکی سپی تەنیایی دەهۆننەوە,ئەوان تاسەرمۆخ پەست ونائۆمێدن,سەراپا ڕەشپۆش وخەمبارن ,لەسەدا یەکیشیان دوای ئەو هەموو ساڵە نەگەراونەتەوە بۆژیانێکی ئاسایی,لەڕووی یاساییەوە ئەوان هێشتا تەکلیفیان ڕۆشن نیەو دنیایەك دادو هاواریان لەپرۆژەی یاسایی پێشنیارکراوی وەزارەتەکەشیان هەیە,بۆئەوەش کەداخۆ ئەنفال لای ژنی کورد بۆتە پرسیار گەرمەبەست نوخبەی خوێنەواریشە لەژنی کورد بەداخەوە کەحیرەت وگومان وپرسیاری ژنی کورد بۆئەنفال ,کەدیارە مەبەست لێرەدا هەوڵی تاکەکەسی چەند ژنێکی کورد نیە, دیارە ئەم بابەتە قسەی زۆر بۆدەرخستنی ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی هەڵدەگرێ ,بۆژنەکانی پاشماوەی ئەنفالیش ئەنفال تەنیا برینێکە لەهەموو4/14 ێکدا پڕ دەبێ لەخوێ ودێتەوە سوێ بێ ئەوەی هیچ پرسیارێك لەسەر قوڵی وسەختی ومەترسی ئەم زامە کاریگەرە کەخەریکە دەبێتە شێرپەنجە.

**دەنگەکان** :

**ژنان و کچانی پاش ماوەی ئەنفال لە پاش تێپەربوونی 19 ساڵ بە سەر ئەو کارەساتەدا لە کوێی کۆمەڵگای کوردستاندا قەراریان گرتووە؟ گیرۆدەی چ کێشەیەکی یاسایی و کۆمەڵایەتین؟ توانیوویانە ئاسۆیەک بۆ سبەینێی خۆیان دیاری بکەن، یان هیشتا ئازار و گرفتەکانیان وەک خۆی ماوەتەوە و لەگەڵیاندا بەردەوامە؟ ئاخۆ ئەنفال لای ژن کورد بۆتە پرسیار و سەرچاوەیەکی ورووژێنەر؟ ئاخۆ جیاوازی خوێندنەوەی ژنی کورد چییە بۆ ئەنفال؟**

## بێستون ژاڵەیی:

هەموو دۆسیەی ئەنفال لەهاوکێشە سیاسیەکانی عێراقدا قورسایی کەیسی دوجەیلی نیە کەسەدو ئەوەندە شیعەی تێداکوژراوە,ئەمە نەبەو مانایەی کەتاوان هەرتاوان نیەو نەبەمانای گرانی خوێنی کورد لەبەرامبەر خوێنی شیعەدا بەڵکو بەو مانایەی دۆسیەی ئەنفال لەدوای لەسێدارەدانی ئەوەندە بچووك بۆتەوە کەتەنانەت داواکاری گشتیش تیایدا تەنها خوازیاری سزای قورسە بۆعەلی کیمیاوی,دۆسیەی ئەنفال لەدادگا نەك هەربەریقی نێو دەوڵەتی نیەبەڵکو لەمیدیای کوردیشدا بۆتە مەسەلەیەکی سانەوی ,کورد لەهیچ حالێکدا هەربەدروشم وئیدیعاش ئەنفالی بۆدادگایی کردنی بەعسیزم وەك ئایدیاو جیهانبینی بەکارنەهێناوە ولەئێستاشدا هیچ داخوازی وچاوەڕوانیەکی سەرکردایەتی کوردی وسیاسیەکانی لەدادگای ئەنفال لەوە تێناپەرێت کە(رژێم لەکارەساتی ئەنفالدا بەسزای خۆیان بگەن)خۆئاشکرایە کوردستان وعێراق پڕە لەو ئەنفالچیانەی کەئەو ئیمتیازات وپۆست وپێگەیەی ئێستا هەیانە لەسەردەمی رژێمی ئەنفالدا نەیانبووە,بەداخەوە کەدادگای ئەنفال یا وردتر کەیسی ئەنفال لەدادگای باڵآی تاوانەکاندا کەیسێکی لاوەکی بەسیاسیکراوی لاواز دەردەکەوێت کەتیایدا چەند تاوانبارێکی کەم لەتۆڕی تاوانباریدان وهەزاران حیکایەتی خوێناوی ئەنفال لەمێشکی هەزاران تاوانباری ئەنفالدا کەکەسایەتی وپیاوماقوڵی سەرشانۆی سیاسی وکۆمەڵایەتی عێراق وکوردستاننهێنی وشاراوە ماوەتەوەو دادگای باڵآی تاوانەکانیش نەك هەرئەوانی پێ ڕاناکێشرێتە پای عەدالەت,بەڵکو لەزۆر حاڵدا جورئەتی ناوهێنانیشیانی نیە,بۆیە خۆشبینیەکی پڕ لەساویلکەییە پێمان وابێ ئەم دادگاییە لەسایەی ئەم پێدراوانەدا بۆئایندەی کورد واتادارو گرنگە,کەرێك بەپێچەوانەوە ئەدائی دادگاییەکی هەڵبڕسکێنراو کەزۆر نزیکە بۆداهاتووی کوردیش بێ بایەخ وەك مەخسەرەیەك سەیربکرێ.

**دەنگەکان** :

**یۆست هێلتەرمان لە( جینۆساید،هاوتاوانی،بێدەنگبوون)دا نیگەرانی ئەوەی هەبوو کە (سەدام حسێن) وەک (پۆڵ پۆت) لە خەوی شیرینیدا هەڵنەستێتەوە و لەسەر تاوانی ئەنفالەوە بۆ بەردەم دادگا پەلکێشی نەکەن و ئەو کێشەیە لەدەست بدرێ. گەرچی سەدام بە مەرگی پۆل پۆت نەرۆشت، بەڵام لە ڕووی کەیسی ئەنفالەوە هێنانی سەدام بۆبەردەم دادگا جیاوازییەکی ئەو تۆی لەگەڵ مەرگی(پۆل پۆۆت)دا نەبوو. پێتان وانییە مەرگی سەدام کار و ئەرکێکی زیاتری خستبێتە سەر شانی هەڵسوڕێنەرانی دژی جینۆسایدی کوردەوە بۆ ناساندنی ئەنفال وەک کردەیەکی دژی جینۆساید ؟**

### بێستون ژاڵەیی:

جارێ من نابینم کورد پەرۆشیەکی دەستەجەمعی بۆناساندنی ئەنفال وەك تاوانێکی جینۆسایدی نێو دەوڵەتی هەبێت,بەشێك لەبەدبەختی کورد لەم نێوەندەدا ئەوەیە لەعێراقی دوای سەدام وحوکمی بەعسدا کەهێشتا هەناسەو بینین وتێگەیشتنی بەعسیزم سەرتاپای ژیانی لەم عێراقەدا داگرتووە بەلاّم کەس بەرەسمی خۆی وەك میراتگری سەدام ورژێمەکەی ناناسێنێ تائەرکی داوای لێبووردن لەکورد لەبەرامبەر ئەم جینۆسایدە هێشتا لۆکالّیەدا بداتە بەرخۆی ,ئەمە کەئەلّمانیەکان نەك جارێك بەلّکو بەردەوام تائەمڕۆ دەیکەن بۆئەوەی خۆیان لەگرێی گوناهی هۆلۆکۆست دەرباز بکەن,جاکۆتایی سەدام هەرلەبەرئەوە بەزەرەری کوردودۆسیەی ئەنفال نەبوو کەتاوانباری یەکەمی تاوانەکە بوو,بەلّکو سەدام لەوەدا لەپۆلّ پۆت جیایەکەئەسلّەن وەك تاوانباریش نەمردوبەلّکو لەعێراقێکدا کەهەمیشە قازانج بووە لەڕق وبوغزی مەزهەبی ودینی وقەومیدا قولّی داوە کرایە پالّەوان ولەنەزەری ملیۆنەها کەسدا لەجەلادەو ەکرایە قوربانی قوربان وتەنانەت کەس وکارلای پاشماوەی قوربانیانی ئەنفالیش بەسەرهەموو زولّم وقەسوەتێکەوە کەلەو پیاوە دڕندەو سامناکە دیویانە دوایی هاتنی هاتنی ئەویان بەو جۆرە پێناخۆش بوو.

- **دەنگەکان : ڕۆژنامەگەریی کوردی لە پاش ڕاپەرینەوە تا ئێستا لە دەرەوەی مەوعیزە و گوتارە سیاسییەکان خاوەنی چ پرۆژەیەک بوونە سەبارەت بە ئەنفال، هاوکاتیش رۆژنامەگەریی کوردی دەکرێ خاوەنی چ پرۆژە و ئاسۆیەک بێت لەو بارەوە ؟**

### بێستون ژاڵەیی:

بەداخەوە رۆژنامەگەری کوردیش لەکۆی دیمەنی ئیشکردنیدا لەسەرئەنفال هەربەو سیاسیی وسەرکردانەی کورد دەچێت کەهەموو ئەو نۆزدە سالّەیان پۆز لێدان ودرۆکردن بووە بەسەرئەنفال وقوربانیەکانیانەوە,جائەگەر بەرپرسانی کورد ئەمسالّ ئیتر گەنجە تورەو نارازیەکانی ئۆردوگای ئەنفالی صمود-رزگاری-رێگەیان نەدات بچنەوەو لەوێ دەست بکەنەوە منشەو ژمارە لێدان,ئەوا رۆژنامەگەری وکۆی میدیای کوردی تائێستا سالأنە چەند وێنەیەکی وشك وبێ گیانی کارەساتەکەمان بۆدەگوێزێتەوە یا گوتارێکی هەیە کەزیاتربەوتارێکی کرچ وکالّی مەلایەکی ساردو سڕدەچێت.بۆنوێژخوێنە سەلارو بێ نوتقەکانی رۆژی هەینی,پرۆژەی چی کاکە؟!بۆهەموو کوردو بەکۆی سەنتەرو دامەزراوەکانیەوە پرۆژەیەکی جدی بۆتەوزیفکردنی ئەنفال هەبووەتارۆژنامەگەری کوردی هەیبێ ,بەداخەوە کەهیچ ناهەقی نیە دەرهەق بەرۆژنامەگەری کوردی کەبلّێین لەو هەموو سالّەدا لێکۆلّینەوەیەکی رۆژنامەگەری تەکاندەرو وروژێنەر لەهەموو ئەم رۆژنامەگەریەدا نیە کەگۆرانکاریەکی هێنابێتە ئارا,.ئەمە لەکاتێکدا ئەم رۆژنامەگەریە دەیتوانی ئەنفال بکاتە میحوەری گوتارێکی بەهێز دژی هەموو شێوەکانی پاکتاوی ڕەگەزی وجیاکاری وقبولّ نەکردنی جیاوازی ونەفی بەرانبەرو ئەنفال کردنی کەسایەتی مەعنەوی ئەوی ترو بڕینی ئەو هەموو کلکەی ئەنفال کەلە ئەمڕۆی شانۆی سیاسی وکۆمەلاّیەتی وڕووناکبیری وئیداری ورۆژنامەوانی و...تادی ئێمەدا درێژ بۆتەوە.